نێچیرڤان بارزانی و سەرۆك كۆماری ئەرمەنستان كۆبوونەوە

ئەمڕۆ پێنجشەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هەولێر لەگەڵ ڤاهاگن خاچاتوریان سەرۆکی ئەرمەنستان کۆبووەوە.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێم لە راگەیانراوێکدا رایگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا کە جێگرانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وەزیرانی پەیوەندیداری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، پەیوەندییەکانی ئەرمەنستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی لە بواری ئابووریدا تاوتوێ کران و دەربارەی دۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان و ڕەوشی پێکهاتەکان، بیروڕایان گۆڕییەوە.

ئاشکراشیکرد: هەردوولا باسیان لە دەرفەتەکانی برەودان بە پەیوەندییەکانی ئەرمەنستان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان کرد لە بواری بازرگانی، وەبەرهێنان، کەرتی تایبەت، پزیشکی و گەشتیاریدا، لەمبارەیەوە تیشکیان خستە سەر دەرفەتی گەشتی ڕاستەوخۆی ئاسمانیی نێوان ئەرمەنستان و عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە.

رونشیکردەوە: کە دوایین پێشهاتەکانی دۆخی ناوچەکە بەگشتی، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆکی ئەرمەنستان دووشەممەی ڕابردوو بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە بەغدا و لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق کۆبووەوە، بەیانیی ئەمڕۆش گەیشتە هەولێر و لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە پێشوازی لێکرا